# لەیادی 1994/9/1 دەیەمین سالڕۆژی

## شەهیدکردنیئەبوبەکر عەلی شاعیردا



ئەبو بەکر عەلی

**نامق هەورامی**

namqhawray@yahoo .com

ئەمرۆ دەسالٚ بەسەر شەهیدکردنی شاعیری (ئەوشەوانەی لەپرچەکانی دایکم رەشترن )تێدەپەرێت ،ئەومرۆڤەی بۆ داکۆکی لەماڵە هەژارەکانی حامیە خۆی کردە قوربانی .

بەبیرم دێت 1994/4/1 لەگۆرەپانی یاریگای گشتی شار ولەمەراسیمی یەکی ئایاردا لەکاتێکدا بەنیازبوون خانوەکانی کۆنە حامیەکە بروخێنن کەبەکر نوێنەریان بوو ، لەورۆژەدا بەکر گوتی :

**گەورەکان ئێوە رازی نابن سەگەکانتان لەوجێگەیەدا بژین ئیدی بۆلێناگەڕێن ئەوخەڵکە بێدەرەتانە لەوێدا بژیەت**

بەکر وێرای ئەوەی نوێنەرێکی بەئەمەکی هەژاران بوو ،شاعیرێکی زمان پاراوو هەست ناسك بوو ، ئێستەش گۆرانی لەبیری هەمومواندا ماون کەشعری ئەو شاعیرەن

دەدەرکەوە گوڵم هێشتا پێڵو فەرشی سەرە رێیە
دلٚ کلۆیەك بەفری سوری ناو پێکەکانی شەوێیە

یان گورانی

هۆپەپولەی سەربەردەکانی باوەنور
ئاخر گوڵم هۆ حەبیبەکەی شارەزور
ئەم دڵە باڵندەیەکە شەوانە دێ
پەرو باڵی لەدەرگاکەتان هەڵەسوێ

ئەمەو چەندین دێرە شعری ناسك کەنمونەیەکی باڵای شعیری کوردین .

بۆچی هێشتت خۆشم بوێیت

کەئەتزانی من ئەو ڕەندەم

لەم وڵاتە بچکۆلەیەی

دڵی خۆشما پەناهەندەم ..

بەکر دەیزانی لەوشارەدا جێگای نەماوە بۆیە دەیگوت :

من ئەرۆم تکایە پێی بڵێن ئیتر

بەدیدارم ناگاتەوە

من ئەرۆم و

کەرۆشتیشم وەك چەم ئەرۆم

چەمیش ئاوڕ ناداتەوە

بێزارم ... بێزارم لێرە

بێزار لەخۆی

لەشارەکەی

لەئاوێنەو تەوقەو شانەو

پرچی نیگرۆی ..

بەکر لەسەردەمێکدا بێزاربوو لەودرەختانەی کەدەکرانە تەختی شاهانە بۆ ژنەکانی سەرکۆمار کەچی ئەو درەختانە بونە مەفتەنی مەرگی بەکرو ئێوارەیەکی دەمەو پایزی شاردا لەنزیك باخی گشتی شاردا شەهید کرا ،ئەو هەمووکەسی خۆشدەویست وەلێ ....

تۆ هەرکێیت وچیت ولەکوێیت

لەوڵاتێکدا خۆشمان دەوێیت

گردۆڵکەو چیاکانیشی لەسەرێکی تاشراو ئەچن

بیٚ نزارن

هی ئێمە نین

هی پایتەخت وژنەکانی سەرکۆمارن

دەسا گەورەم

هۆئەو کەسەی سێبەرەکەشم دەیەوێیت

گەر خۆشتەوێین

مەهێڵە قەد خۆشمان بوێیت ..